**ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە: ٣٢٦٤ لە ٢٠٢٠/٦/١**

## بڕیار
## ژمارە(٥٠)ی ساڵی ٢٠٢٠

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی(هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە(٣)ی ساڵی ١٩٩٢هەموارکراو ، و لە پێناوی کەمکردنەوەی خەرجییەکان و زیادکردنی داهاتی گشتی و دابینکردنی مووچە و شایستەی دارایی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان ، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە(٢٧)لە ٢٠٢٠/٥/٥ ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە :

**یەکەم: لە بواری کەمکردنەوەی خەرجییەکان:**

١- خەرجکردنی تەنها ڕێژەیەك لە مووچە و دەرماڵەی خاوەن وەزیفە باڵاکان و پلە تایبەتەکان لە بوارەکانی خزمەتی شارستانی و سەربازیی و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە گشت دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان لە (سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی هەرێم و سەرۆکایەتی و ئەندامانی پەرلەمان و ئەنجومەنی دادوەریی و سەرجەم دادوەران و داواکارانی گشتی و ئەنجومەنی پارێزگا وئاسایشی گشتی و ئەنجومەنی ئاسایش)و ئەوانەی بەو پلانە خانەنشین کراون یان خانەنشین دەبن.

٢- جێبەجێکردنی بڕگەی(١)ی سەرەوە بەپێی خشتەیەك دەبێت لە چوارچێوەی ڕێنماییەك کە لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابوورییەوە بە هەماهەنگی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران دەردەچێت و لە مووچەی مانگی شوباتی ساڵی ٢٠٢٠ ەوە جێبەجێ دەکرێت بۆ خانەنشینانی ئەو پلانە لەگەڵ خەرجکردنی مووچەی مانگی شوباتی ساڵی ٢٠٢٠ی فەرمانبەران دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

٣- خەرجکردنی تەنیا مووچەی بنەڕەتی بۆ ئەو خاوەن وەزیفە باڵا و پلە تایبەتانەی کە لە بەڕێوەبەری گشتی بەرەو سەرەوەن و سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان لە پارێزگار و قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکە(معوم)ن و پێویستە لەسەر وەزارەتی دارایی و ئابووری بە هەماهەنگی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە ماوەی(٣٠) سی ڕۆژ لە ڕێکەوتی گەیشتنی ئەم بڕیارە بە وەزارەتیان چارەنووسی وەزیفییان لە چوارچێوەی یاسای چاکسازیی ژمارە(٢)ی ساڵی ٢٠٢٠یەکلایی بکاتەوە.

٤- پێویستە وەزارەتی دارایی و ئابووری لەگەڵ خەرجکردنی مووچەی مانگی شوباتی ساڵی ٢٠٢٠ و بەدواوە مووچە تەنیا بۆ ئەو کەسانە خەرج بکات کە لە داتابەیسی تۆماری بایۆمەتری مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان تۆمارکراون .

٥- کەمکـردنەوەی بـودجەی بەکـاربردن (التشـغیلیە) بـۆ نزمتـرین ئاسـت بە جۆرێـك تەنیـا بـوارە سـەرەکییەکانی خەرجـی بگـرێتەوە وەکـو(بـواری دابینکردنـی دەرمـان و پێداویسـتی پزیشـکی و تاقیگەیی و خواردنی نەخۆشخانە و زیندانییەکان و خانەی بەساڵاچووان و نەوجەوانان ومنداڵان و شێڵتەرەکانی ژنان و پاککردنەوەی شـار و شـارۆچکەکان و نەخۆشـخانەکان و پێداویسـتییەکانی ئاو و کرێی ویستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا و چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکان) و پێـدانی دەسـەڵات بە وەزیری دارایی و ئابووری بۆ دەرکردنـی ڕێنمـایی پێویسـت بـۆ ئاسـانکاریی جێبەجێکردنـی ئەم بڕگەیە بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران .

٦- پەیڕەوکردنـی سیسـتمی نـوێی ئـۆنلاین کە لەلایەن تیمـی ڕاوێژکـاریی لە نووسـینگەی سـەرۆکی ئەنجـوومەنی وەزیـران ئامـادەکراو ، بـۆ خەرجکردنـی بـودجەی بەکـاربردن(التشـغیلیە) لە پێنـاو برەودان بەشەفافییەت و کەمکردنەوەی ڕۆتین .

٧- ڕاگرتنـی هەمووجـۆرە خەرجیـیەك لە سـەر بـودجەی وەبەرهێنـان (پـڕۆژەی وەزارەتەکـان و پەرەپێدانی پارێزگاکان و پڕۆژەکانی دیکەی بودجە جۆراوجۆرەکان)

٨- پێـداچوونەوە بە نەسـریە و پێشـینەی وەزارەت و سـەرجەم دامەزراوەکـانی هەرێـم لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایـی و ئـابووری بە ئاڕاسـتەی کەمکـردنەوەی بـۆ نزمترین ئاست .

٩- ڕاگرتنی هەموو جۆرە خەرجییەکـی ڕاسـتەوخۆی وەزارەت و دەسـتە و لایەنەکـانی نەبەسـتراو بە وەزارەت لەسەر بەشە داهاتی خۆیان .

١٠- پێـداچوونەوە بە خەرجییەکـانی خزمەتگـوزاریی بـواری نەوت و گـاز لەلایەن وەزارەتـی سـامانە سروشتییەکان و بە هەمـاهەنگی وەزارەتـی دارایـی و ئـابووری و لە ژێـر چـاودێری سـەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران .

١١- وەزارەتی دارایی و ئابووری بە هەماهەنگی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ڕێنمـایی پێویسـت بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردنی ئەو بڕگانەی سەرەوەدەردەکات .

**دووەم : لە بواری ڕێکخستنەوە و زیادکردنی داهات :**

١- ڕێکخستنەوەی ئەو خزمەتگوزارییانەی لەلایەن کەرتی تایبەتەوە بە شێوەی گرێبەسـت لە دەروازە سنوورییەکان پێشکەش دەکرێن بە جۆرێك ، دەبێت داهاتی ئەو خزمەتگوزارییانە بـۆ بەرژەوەنـدی گشتی بێت بۆ ئەم مەبەستەش ، پێویستە لەسەر لیـژنەی پێکهـاتوو بەپێـی فەرمـانی سـەرۆکایەتی ئەنجـوومەنی وەزیـران/سـەرۆکایەتی دیـوان ژمـارە (٧٠٧) لە ٢٠٢٠/٣/٢٢ بەسـەرۆکایەتی وەزیـری دارایـی و ئـابووری کـاری پێویسـت ئەنجـام بـدات و ڕاپـۆرتی کۆتـایی خۆیـان پێشـکەش بە ئەنجوومەنی وەزیران بکەن لە ماوەیەك کە لە ٢٠٢٠/٦/١٥ تێپەڕ نەکات .

٢- هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم ئەو لێخۆشبوونانەی کە دراون لە ڕەسمی گومرگ و باج کە لەگەڵ یاسا و ڕێنماییەکاندا ناگونجێن بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە لەسەر لیژنەی پێکهاتوو بەپێی فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان ژمارە(٧٠٨) لە ٢٠٢٠/٣/٢٢ بە سەرۆکایەتی وەزیری دارایی و ئابووری کاری پێویست ئەنجام بدات و ڕاپۆرتی کۆتایی خۆیان پێشکەش بە ئەنجومەنی وەزیران بکەن لە ماوەیەك کە لە ٢٠٢٠/٦/١٥ تێپەڕ نەکات .

٣- کۆنترۆڵکردنی دەروازە سنورییەکان بە مەبەستی ڕێگری لە هەر کارێکی نایاسایی کە زیان بە داهاتی گشتی بگەیەنێت بۆ ئەم مەبەستەش ، پێویستە لەسەر لیژنەی هەمیشەیی پێکهاتوو بەپێی فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران/سەرۆکایەتی دیوان/ فەرمانگەی یاسایی ژمارە(٢٩٠٩) لە ٢٠٢٠/٣/٢٢ بە سەرۆکایەتی وەزیری ناوخۆ کاری پێویست ئەنجام بدات و ڕاپۆرتی بەردەوامی خۆیان سەبارەت بە بەرەوپێشچوون و ئاستەنگەکان پێشکەش بە ئەنجوومەنی وەزیران بکەن .

٤- پابەندکردنی کۆمپانیا ناوخۆییەکانی بواری نەوت و گاز ، کۆمپانیاکانی بواری پاراستنی ئاسایش و کۆمپانیاکانی بواری پەیوەندی و ئینتەرنێت و پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون بە پێدانی باج لە چوارچێوەی یاسا و ڕێنماییەکاندا بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە لەسەر لیژنەی پێکهاتوو بەپێی فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان ژمارە(٧٠٦) لە ٢٠٢٠/٣/٢٢ بە سەرۆکایەتی سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران کاری پێویست ئەنجام بدات و ڕاپۆرتی کۆتایی خۆیان پێشکەش بە ئەنجوومەنی وەزیران بکەن لە ماوەیەك کە لە ٢٠٢٠/٦/١٥ تێپەر نەکات .

٥- ڕێکخستنەوەی میکانیزم و ئەو لایەنانەی کە ڕسوماتی خزمەتگوزاریی وەزارەتەکان بە شێوەی گرێبەست کۆدەکەنەوە بە جۆرێك کە لە خزمەتی بەرژەوەندیی گشتیدا بێت بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەی پێکهاتوو بە پێی بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران / ئەنجوومەنی ئابووری ژمارە(٢٤٠٩) لە ٢٠٢٠/٣/١ بە سەرۆکایەتی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کاری پێویست ئەنجام دەدات .

٦- سەپاندنی باج لەسەر هاوردەکردن و پاڵاوتنی بەرهەمە نەوتییەکان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری و بە هاماهەنگی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و لەبەر ڕۆشنایی یاسا بەرکارەکان .

٧- پێویستە لەسەر وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە ماوەیەکی گونجاودا کە لە ٢٠٢٠/٦/١٥ تێپەڕ نەکات ڕاپۆرتێك بەرزبکاتەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران سەبارەت بە پۆڵینی سەرجەم ئەو زەوییە کشتوکاڵییانە کە زێدەڕۆییان لەسەر کراوە ، سەرەڕای تێداچوونەوەی ئەو زەوییە کشتوکاڵییانەی بە گرێبەست بەکرێدراون لە ڕووی نرخ و شێوازی گرێبەست بۆ ئەوەی وەك سامانێکی نیشتمانیی مامەڵەیان پێوە بکرێت .

٨- هەڵوەشاندنەوەی تەرخانکردنی زەوی لەلایەن دەستەی وەبەرهێنان بۆ ئەو پڕۆژانەی مۆڵەتی وەبەرهێنانیان پێدراوە ، بەڵام دەستیان بە جێبەجێکردنی پڕۆژەکان نەکردووە و وەرگرتنی ڕێکاری یاسایی پێویست بەرامبەریان لەبەر ڕۆشنایی یاسای وەبەرهێنان ژمارە(٤)ی ساڵی ٢٠٠٦ و پێویستە لەسەر دەستەی وەبەرهێنان ئەم بڕگەیە جێبەجێ بکات لە ماوەیەك کە لە (٣٠) سی ڕۆژی کار تێپەڕ نەکات لە ڕێکەوتی گەیشتنی ئەم بڕیارە بە دەستەکەیان .

٩- هەڵوەشاندنەوەی تەرخانکردنی زەوی کە بە موساتەحە دراون ، بەڵام دەستیان بەجێبەجێکردنی پڕۆژەکان نەکردووە .

١٠- تاپۆکردنی سەرجەم ئەو زەوییانەی کە بەشێوەی کارت تەرخانکراون بۆ هاووڵاتییان لەلایەن هەردوو وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و وەزارەتی داد / بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمار خانووبەرە .

١١- تاپۆکردنی یەکەکانی نیشتەجێبوون لە پڕۆژەکانی وەبەرهێنان بە ناوی هاووڵاتیان لەلایەن هەردوو وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و وەزارەتی داد / بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆماری خانووبەرە و دەستەی وەبەرهێنان .

١٢- پێداچوونەوە بە نرخی خزمەتگوزاریی کۆمەڵگەکانی نیشتەجێبوون لەلایەن لیژنەیەکی هاوبەش بە سەرۆکایەتی نوێنەرێکی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار کە پلەکەی لە (بەڕێوەبەر)کەمتر نەبێت و نوێنەری پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان بەپێی تایبەتمەندێتی جوگرافی و دەستەی وەبەرهێنان و وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن .

١٣- جەردکردن و پۆلێنکردنی سەرجەم موڵکوماڵی وەزارەت و دەستە و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت و سەرجەم دامەزراوەکان لە هەرێمی کوردستان لەلایەن خودی ئەم دامەزراوانەوە و ناردنی وێنەیەکی ئەم تۆمارانە بۆسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری سەر بە وەزارەت و دەستنیشانکردنی ئەو موڵکو ماڵانەی کەشایەنی فرۆشتنن بەپێی یاسای فرۆشتن بەکرێدانی موڵکوماڵی دەوڵەت بۆ ئەوەی وەك سەرچاوەیەك بۆ داهاتی گشتی مامەڵەیان پێوە بکرێت

١٤- وەرگرتنی سەرجەم قەرزە بازرگانییەکان بە سوودی بانکییانەوە لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری لەبەر ڕۆشنایی یاسای چاکسازیی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠.

١٥- پەسەندکردنی پڕۆژەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی دابەشکردنی کارەبا کۆکردنەوەی کرێی خزمەتگوزاریی کارەبای بەشداربووان لە لایەن کۆمپانیای پسپۆڕی کەرتی تایبەتەوە لەبەر ڕۆشنایی یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان و لەژێر سەرپەرشتی و چاودێری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران .

١٦- پەسەندکردنی پرۆژەی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بۆ کرِینەوە و بە بازاڕکردنی گەنمی جووتیارانی هەرێمی کوردستان لەلایەن کەرتی تایبەتەوە بەپێی ئەو پرۆژەیەی لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ئامادەکراوە و پرۆژەکە لە ژێر سەرپەرشتی چاودێری حکومەت جێبەجێ دەکرێت بە مەبەستی پاڵپشتیکردنی کەرتی کشتوکاڵ و جووتیاران.

١٧- داشکاندنی رێژەی ١٥% لەسەدا پازدە لەو پێشینانەی حکومەت کە لەلای هاووڵاتییانە وەک (پێشینەی خانووبەرە پێشینەی هاوسەرگیری و قەرزی بچووک و پێشینەکانی بانکی کشتوکاڵی و پێشینەی پرۆژەکانی پیشەسازی و گەشتیاری ) بە مەرجێک هاووڵاتییان ئامادە بن تا رۆژی ١٥ تەمموزی ٢٠٢٠ تەواوی بڕی پێشینەکان بۆ حکومەت بگەڕێننەوە، و ئەم بڕگەیە قەرزە بازرگانییەکان ناگرێتەوە کە بە کۆمپانیا و بەڵێندەر و وەبەرهێنەران دراون وەک ئاسانکاریی بانکی لەلایەن بانکە بازرگانییەکانەوە بەڵکو بەپێی بڕگە (١٤) ی سەرەوە مامەڵە دەکرێت

**سێیەم:** سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن و دەتوانن رێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبە جێکردنیان دەربکەن

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**